پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت هەتا ئاوی ڕادایە نێو دەمی ودەری کرد، ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی ودەری کرد، ودەستی ڕاستی سێ جار ودەستەکەی تریشی سێ جار شۆرد، وبە دەستی دیسانەوە تەڕ کرد سەری مەسح کرد، وهەردوو پێیەکانی شۆرد هەتا پاکبوونەوە

لە عبداللەی کوڕی یەزیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت هەتا ئاوی ڕادایە نێو دەمی ودەری کرد (مَضْمَض)، ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی ودەری کرد (فنی کرد - اسْتَنْثَرَ)، ودەستی ڕاستی سێ جار ودەستەکەی تریشی سێ جار شۆرد، ودەستی دیسانەوە تەڕ کرد وسەری مەسح کرد، وهەردوو پێیەکانی شۆرد هەتا پاکبوونەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی یەزید -ڕەزای خوای لێبێت- باسی چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات، باسی ئەوەی کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت وئاوی ڕادایە نێو دەمیەوە ولە ناو دەمی سوڕاندی (بۆ ئەوەی پاشماوەکانی خواردن بێتە دەرەوە) وئاوەکەی دەرکرد، وپاشان ئاوی ڕادیە نێو لووتی وهەڵمژی وئاوەکەی دەکرد بۆ ئەوەی هەرشتێک لە نێو لووتدایە بێتە دەرەوە (فنی کرد)، پاشان سێ جار دەموچاوی (ڕووی) شۆرد، پاشان دەستی ڕاست سێ جار ودەستی چەپی سێ جار شۆرد هەتا ئانیشکەکان (ئانیشکەکانی شۆرد)، پاشان دەستی تەڕکرد وسەری (قژی) مەسحی کرد (کە بێگومان سەر گوێش دەگرێتەوە، واتا: بەهەمان ئەو ئاوەی سەری پێ مەسحکرد، پەنجەی شایەتمانی هەردوو دەستی خستنە ناو گوێیەکانیشی وبە پەنجە گەورەکانی پشتی گوێیەکانی مەسحکرد. ئەم بەشە لەم فەرموودەدا باسنەکراوە بەڵام باسکردنی سەر گوێش دەگرێتەوە بەڵام لە فەرموودەی تردا باسکراوە)، پاشان هەردوو پێیەکانی شۆرد هەتا گوێزنگەکانی (قولەپێکانی یان قاپەڕەکانی) هەتا پاکبوونەوە وهیچ ناخاوێنیەکیان پێوە نەما.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8381